سوێند بە ئەوەی نەفسی موحەمەدی بەدەستە دۆلکەکانی هێندەی ئەستێرە وهەسارەکانی ئاسمانن کە دەدرەوشێنەوە لە شەوێکی تاریکی ساماڵدا

لە ئەبی زەرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا چی -دەفەرمووی- سەبارەت بە دۆلکەکانی کانیاوەکە -حەوزی کەسەر-؟ ئەویش فەرمووی: «سوێند بە ئەوەی نەفسی موحەمەدی بەدەستە دۆلکەکانی هێندەی ئەستێرە وهەسارەکانی ئاسمانن کە دەدرەوشێنەوە لە شەوێکی تاریکی ساماڵدا، دۆلکەی بەهەشتن هەرکەسێک لێی بخواتەوە هەرگیز تینووی نابێت، دوو ڕێڕەوی ئاوی تێدەڕژێت لە بەهەشتەوە، هەرکەسێک لێی بخواتەوە هەرگیز تینووی نابێت، پانیەکەی وەکو درێژیەکەیەتی، لە نێوان عەمان بۆ ئەیلە، ئاوەکەی سپیترە لە شیر، وشیرینترە لە هەنگوین».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سوێند دەخوات کە ژمارەی پەرداخەکانی کانیاوەکەی لەڕۆژی قیامەتدا زیاترە لە ژمارەی ئەستێرەکانی ئاسمان، وئەو ئەستێرانەی دەردەکەون لە شەوی تاریکدا کە مانگ دیار نەبێت وهەور نەبێت؛ چونکە ئەگەر مانگ دیار بێت یان هەور لە ئاسمان هەبێت ئەستێرەکان بەڕوونی دیار نین چونکە ڕۆشنایی مانگ وهەورەکان دەیان شارنەوە وناتوانین بەجوانی زۆریان ودرەوشاوەییان ببینین، وپەرداخەکانی -دۆلکەکانی- بەهەشت هەرکەسێک پێیان بخواتەوە ئەوا هەرگیز تینووی نابێت، وپێش ئەوەی بیخواتەوە ئەمە کۆتا تینووێتی دەبێت، وکانیاوەکەی دوو ڕێڕەوی ئاوی تێدەڕژێت لەبەهەشتەوە، وپانیەکەی وەکو درێژیەکەی وایە؛ کانیاوەکەی -حەوزەکەی- لایەکانی یەکسانن، ودرێژیەکەی هێندەی نێوان عەمان ئەمیش شارێکە لە بەلقائ لە شام هەتاوەکو ئەیلە ئەمیش شارێکی ناسراوە لە لایەکی شام، وئاوی کانیاوی کەوسەر سپیترە لە شیر، وتامەکەی خۆشترە لە هەنگوین.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/65032